# (دیمەنی زمانی لەشاری هەولێردا) شەقامی بەختیاری بەنموونە

**ID No. 333**

(PP 222 - 243)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.12**

**قەیس کاکل تۆفیق**

زانکۆی سۆران، فاکەلتی ئاداب، بەشی زمانی کوردی

qais.kakl@soran.edu.iq

**جیهان یوسف احمد**

کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

jihan.y.ahmed@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/05/31**

**پەسندکردن : 2022/08/01**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە "دیمەنی زمانی لە شاری هەولێردا، شەقامی بەختیاری بەنمونە"، هەوڵدەدات لە دوبەشی سەرەکیدا دیمەنی زمانی بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی ڕون بکاتەوە. لە بەشی یەکەمدا چەمکی دیمەنی زمانی لەڕوی زارەوەوە ڕونکراوەتەوە و هەوڵدراوە ڕۆڵ و گرنگی ئەو بابەتە بە شێوەیەکی گشتی بخرێتەڕو، پاشان پەیوەندی دیمەنی زمانی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانەوە باسکراوە، هەروەها جۆرەکانی دیمەنی زمانی لەڕوی کەلوپەل و زمانە بەکارهێنراوەکانەوە دیاریکراوە. بۆ بەشی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە شەقامی (بەختیاری) وەرگیراوە کە شەقامێکی سەرەکییە و لەهەمان کاتدا بازاڕێکی گرنگی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە. ئامار و داتاکانی دیمەنی زمانیی ئەو شەقامە کە دیمەنی زمانی تاکزمان و جوتزمان و فرەزمانە، بەوردی شیکراوەتەوە، ئاماری زمانی زاڵ لە هەر سێ جۆری دیمەنە زمانیەکە بە وردی ڕونکراوەتەوە، شێوازی بەکارهێنانی فەرمی و نافەرمی هەریەک لەو جۆرانە بەخشتە و ئامار ڕێژەکەی دیاری کراوە. لە کۆتاییشدا خوێندنەوەی پێویست بۆ ئامارەکان کراوە و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕو.

**کلیلە وشە**: دیمەنی زمانی، تاکزمان، جوتزمان، فرەزمان.

## 1-پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (دیمەنی زمانی لە شەقامی بەختیاری لە شاری هەولێردا)یە ( Linguige Landscape in Bakhtyari street in Erbil)وەک لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت مەبەستمان لە لایەنی بەرجەستە و بینراوی زمانیی نوسراوە. "دیمەنی زمانیی" - Linguige Landscapeکە کورتکراوەکەی دەبێتە LL[1] لە زمانەوانی کوردیدا زاراوەیەکی نوێیە و مەبەست لێی هەمو ئەو لایەنە بینراوانەی زمانە کە لە سەرشەقام و شوێنە گشتیەکاندا بەرچاو دەکەون. وەک: ناوی شەقام وگەڕەک و ناوی شوێنە گشتی و تایبەتیەکان .... تاد.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** چەند هۆکارێک لە پشت هەڵبژاردنی ئەو ناویشانەوە یە, لەوانە:

بابەتی دیمەنی زمانی ئەگەرچی لە میدیا و کۆڕوکۆبونەوەکان زۆر گفتوگۆی لەسەر دەکرێ تەنانەت چەند توێژینەوەیەکیش لەم بارەویەوە ئەنجام دراون. بەڵام لە چاو قەبارەی دیاردەکە و شیکردنەوەی داتاکان بە زمانی ژمارە و ئامارەوە پێویستی بەتوێژینەوەی زیاتر هەبو. سەرەرای ئەوەی کە وەکو زاراوەش لە کوردیدا تارادەیەک نوێیە و بە پێی پێویست کاری لەسەر نەکراوە.

شاری هەولێر شارێکی فرە کولتور و فرە زمانە. ئەو زمانانەش بێگومان لە روی پایەی کۆمەڵایەتی و تێروانینی خەلک بۆ بەهای ئەو زمانانە یەکسان نین. بۆیە پلەبەندی لە نێو زمانەکاندا هەیە. بۆ خوێندنەوەیەکی ئەکادیمییانەی ئەو ڕیزبەندییەی کە بۆ زمانەکان لە شاری هەولێردا هەیە. پێویست بو توێژینەوەیەکی لەو شێوەیە ئەنجام بدرێ.

---

[1] LL کوتکراوەی "Linguistic Landscape" ە

لەلایەکی تریشەوە گرنگیەکەی و هۆی هەڵبژاردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ئاستی جیهانگەرایی و بونی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکمانی و سریانی لە شاری هەولێردا تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر دیمەنی زمانی هەبوە. ئەوەش نەک تەنیا وەکو میدیاکارێک بخرێتەڕو، بەڵکو بە زمانی ژمارەو ئامار ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونییە بخرێتەڕو.

**سود و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە دو لایەنەوە دەردەکەوێ, کە بریتین لە:

لایەنی تیۆری: چەمکی دیمەنی زمانی لە زمانی کوردیدا تازەیە و کاری ئەو تۆی لەسەر نەکراوە. تەنانەت وەک زاراوەش بابەتێکی تازەیە، بۆیە ناچار بوین بەرامبەر بە" landscapeزاراوەی" ، "دیمەن " هەلبژێرین. ئەمە سەرەڕای ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەو بابەتە. دیمەنی زمانی بەشێکی گرنگی پلانی زمانی و لایەنی کۆمەڵایەتی زمانە، کە ڕەنگدانەوەی هەردو ئاستی فەرمی و کۆمەڵایەتیی زمانە. نەبونی ئەم بابەتە تیوریانە لە کتیبخانەی کوردی و لێکدانەوەی ڕەهەندە کۆمەلایەتیەکان، بە بروای ئێمە کەلێنیکە لە بواری زمانەوانی کوردیدا، ئەم توێژینەوەیە وەک سەرەتایەک و هەنگاوی یەکەم دەبێتە دەستپێکی پرکردنەوەی ئەم لایەنە. کە دەشێ لەم لایەنەوە قوتابیانی پسپۆری زمان لە قۆناغەکانی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا و توێژەران سودی لێ ببینن. سەرەڕای ئەم لایەنانە، داتا و ئامارەکانی ئەم توێژینەوەیە، وێنە و نەخشەیەکی ڕونی ململانێی زمانەکان و پایەی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی دەکێشێ. دەتوانرێ شوێن و پایەیی زمانەکان لەو هاوکێشیەدا بە شێوەی ئەکادیمی بخاتەڕو.

لایەنی کارەکی: سودی توێژینەوەکە لە ڕوی کارەکییەوە دەکرێ ببێتە یارمەتیدەر بۆ داڕژەرانی پلانی زمانی، بە تایبەتی ئەکادیمیای کوردی و لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی و شارەوانییەکان لە بەرزڕاگرتنی پێگەی زمانی کوردی لەناو زمانەکانتردا. هەروها دەشێ ببێتە سەرچاوەیەک یان دەستپێکێک بۆ لێکۆلینەوی زیاتری لەو بابەتە. بەتایبەتی بۆ شارەکانی تر، یان لە ڕەهەندەکانی تری وەک: دەرونی ومێژویی و سیاسی....تاد. سەرەڕای ئەوەش ئەنجامەکانی دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسود بۆ پلانی زمانی لە داهاتودا.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی بەکارهاتوە و پشت بە شیکاری ئاماریی بەستراوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان.

**پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:** ئەوەی کە هەستی پی دەکرێ لە کوردستاندا بە گشتی خەڵک پابەندی پلانی زمانیی دەوڵەت نین. هەروەها لەلایەن دەوڵەتەوە ئازادییەکی تەواوی بە دیمەنی زمانی دراوە و سانسۆر لەسەر بەکارهێنانی دیمەنی زمانیدا نییە. لەم بارەدا لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی وەک شاری هەولێر، بە شێوەیەکی سروشتی پایەی زمانەکان دیتە پێشەوە، لە نێوانیاندا یەک تێروانینی کۆمەڵایەتی بۆ زمانەکان دروست نابێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات نەخشەی ئەو فرە زمانییە بخاتەڕو، هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:

جیهانگەرایی و زمانی ئینگلیزی بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە هاوچەرخن تا چ رادەیەک زاڵە بەسەر زمانی کوردیدا؟

پایەی زمانی کوردی و زمانی فەرمی تاچ رادەیەک لە دیمەنی زمانیدا ڕەنگی داوەتەوە؟

نەخشەی ڕیزبەندی پایەی زمانەکانی( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی،....تاد)، بە چ شێوەیەک ڕیز دەبن؟

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** توێژینەوەکە لەدو بەشی سەرەکی پێکهاتوە :

بەشی یەکەمی تیۆریە و چەمکی دیمەنی زمانی و پێناسەکانی خراونەتەڕو، پاشان جۆرەکانی دیمەنی زمانی و لەڕوی کەلویەلی بەکارهێنراوەوە بەخشتە رونکراوەتەوە ، دواتر باسی دو ئەرکی سەرکی کراوە ئەوانیش ئەرکی(زانیاری- ڕەزم)ن لە دیمەنی زمانیدا، هەر لەم بەشەدا پەیوەندی دیمەنی زمانی بەسیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە ڕونکراوەتە و جۆرەکانی دیمەنی زمانی لەڕوی زمانە بەکارهێنراوەکانەوە خراونەتەڕو.

بەشی دوەمی ئەم توێژینەوەیە پراکتیکە و شەقامێکی سەرەکی شاری هەولێر وەرگیراوە.کە شەقامی (بەختیاری)یە. لەو شەقامەدا دیمەنی زمانی تاکزمان و جوتزمان و فرەزمانەکان بەئامار و خشتە رونکراوەتەوە، پاشان ڕێژەی پابەندبونیان بەڕێنماییەکانی نوسینی دیمەنی زمانی دیاریکراوە. لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی کە دەستکەوتون باسکراوە .

تێبینی: هەمو دیمەنە زمانییەکانی شەقامی بەختیاری لەشێتێکی ئەکسڵدا بە وردی تۆمارکراوە بەڵام لەبەر زۆر قەبارەکەی نەتوانرا لەم توێژینەوەدا دابنرێ.

**2- ناساندنی دیمەنی زمانی:** دیمەنی زمانی وەک هەر چەمکێکی تری بواری زمانەوانی بە چەند شیوەیەک ناسێنراوە و پێناسەی جیاجیای بۆ دانراوە. لە خوارەوە ئەو چەمک و زاراوانە دەخەینەڕو:

**1-2 لەڕوی زاراوەوە:**

زاراوەی دیمەنی زمانی، زاراوەیەکی نوێیە لە زمانی کوردیدا، لەبەرامبەر زاراوەی ئینگلیزی "Linguistic landscape "بەکارهێنراوە. دەستەواژە ئینگلیزیەکەش، بۆ یەکەمجار لەلایەن هەردو توێژەر "Rodrigue Landry and Bourhis Richard Y "ساڵی(1997) لە میانی لێکۆڵینەوە لە چەمکی دیمەنی زمانی و زیندویەتی زمانەوانی کارەکی بەکاریانهێناوە، لە توێژینەوەیەکیان بەناونیشانی: "[2] Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality"

لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی "المشهد اللغوي _ المناظر اللغوية" ی، بۆ بەکارهاتوە. هەردو زاراوەکە "مشهد–مناظر" دەتوانن بەرامبەر زاراوەی " landscape"ی ئینگلیزی بوەستن. (Alfaifi,2005,9)

زمانی کوردیشدا زاراوەی "دیمەن" لە "فەرهەنگی خاڵ"دا، بە واتایی "دیمان" ڕوبەڕوبونەوە هاتوە. (خاڵ 2005، 211) لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەشدا، بەواتایی "چاوئەنداز- بەرچاو-منظره" هاتوە.( هەژار1990، 334).

بەهۆی ئەو واتایە نزیکەی هەردو زاراوەکە "دیمەن- Landscape "هەیانە، لەبەرامبەر دەستەواژەی ئینگلیزی " Linguistic Landscape"دا، دەستەواژەی دیمەنی زمانییمان بەکارهێناوە. کە دەستەواژەیەکی نوێیە و پێشتر ئەم دەستەواژەیە بەکارنەهینراوە، بەڵکو، دەستەواژەی " تابلۆ"ی بۆ بەکارهاتوە، بەبڕوای ئێمە "تابلۆ" واتایەکی سنورداری هەیە بەشێوەیەکی گشتی تابلۆی هونەری دەگرێتەوە. بەڵام دیمەنی زمانی واتایەکی فراوانتری هەیە. هەمو و ئەو دیمەنانە دەگرێتەوە کە ڕۆژانە بەرچاومان دەکەون و ڕوبەڕویان دەبینەوە، واتا هەردو زاراوەی "دیمەنی زمانی" و " Linguistic Landscape" هەمان واتا و مەبەست دەبەخشن.

**2-2 پێناسەی دیمەنی زمانی:** زاراوەی دیمەنی زمانی بەچەند شێوەیەک پێناسە کراوە:

- دیاردەی زمانی بینراوە لە شوێنە گشتیەکاندا وەک نیشانەکانی ڕێگا و تابلۆیی ئاگادارکردنەوە و تابلۆی بازرگانی و ناوەکانی شەقام و دوکان و نیشانە گشتییەکان لە بیناکانی حکومەتدا(Landry and Bourhis1997, 25) .
- *Shohamy and Ben-Rafael* پێیان وایە کە دیمەنی زمانی، ئەونیشانانەن بە هۆی زمانەوە دەوروبەر دەناسێنن (Ben-Rafael and Shoamy, 2006, 27)
- *Gorter* دەڵێ: ئەگەر لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیەوە دیمەنی زمانی بناسێنین دەتوانین بڵێین: ئەو زمانە بینراوەیە کە هەڵگری پەیام و زانیاریی تایبەتە، لە ناو کۆمەڵگەدا بەمەستی گەیاندنی سودێکی گشتی یان وەک دروشمێکی کۆمەلایەتی گرنگ کاردەکات. Gorter (2006, 20)
- هەموو ئەو 'گوتارە گونجاوانە' دەگرێتەوە کە لە دەوروبەردا دەردەکەون. (Alomoush 2015،12 )
- دیمەنی زمانی: پیشاندان و خستنەڕووی تێکستە جیاوازەکانە لە شوێنی گشتی و تایبەتیدا. (Iris Hewitt-Bradshaw2014,1)
- ڕاگەیەنراوێکە لەسەر تابلۆ یان شاشە، کە زانیاریەکی گشتی پێشکەش دەکات جا نوسراو بێت یان ڕەمز.(Backhaus 2007, 4 )
- بە گشتی زمان لە بەکارهێناندا فرە مۆدێلە **LL**[3] ئەو فرە مۆدێلیە دەخاتەڕو. (Bradshaw2014,158)

ئەمڕۆ سنوری ئەم دەستەواژەیە فراوان بوە، چونکە، دیمەنی زمانی هەر لە تابلۆی بەرجەستەی ناونیشانەکان خۆی نابینێتەوە، بەڵکو تابلۆی ئەلکترۆنی شوێنە گشتییەکان و تابلۆکانی ڕیکلام و گۆشەی ڕیکلامی پەیجەکانی ئەنتەرنێت ولۆگۆ و هاوشێوەکانی ئەمانە، هەمو کەوتونەتە سنوری لێکۆڵینەوەکانی دیمەنی زمانییەوە.

بە گشتی، دیمەنی زمانی ئاماژە بە دۆخی زمانیی ناوچەکە دەکات، یان بەڵگەی ئەو زمانانە دەستەبەر دەکات، کە لە ناوچەکەدا بەکاردەهێنرێ، یاخود دیمەنی زمانی وەک پانۆرامایەکی ئەدەبیە لە دیدی خەڵکی پیادە و شوفێراندا.(Cenoz and Gorter2006, 268) ، لەهەمانکاتیشدا، ڕەنگدانەوەی دۆخی زمانی ناوچەکەیە یان دەتوانین بڵێین، نوێنەرایەتی زمانی ناوچەکە دەکات لە ڕوی هێز و ڕێژەی زمانە بەکارهاتوەکانەوە، هەروەها، دیمەنی زمانی ناسنامەی چەندین زمانە لە ناوچەکەدا. ئەم دەستەواژەیە گرنگی بە زمان دەدات لە دۆخی دەرکەوتنی وەك تابلۆیەکی ئاماژەدەری بەرجەستە لە ژینگە و دەوروبەردا. چەمکی دیمەنی زمانی هەمو ئەو تابلۆ نوسراوانە دەگرێتەوە کە بۆ ناساندنی شوێنەکان بەکاردێن. هەروەها، توێژینەوە لە دیمەنی زمانی جۆرێکە لە توێژینەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی چونکە، لەزمان و

---

[2] ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری (Journal of Language and Social Psychology) لە بەرگی (16) ژمارە (1) ی سالی (1997) لە لاپەڕە (23 - 49) دا بڵاوکراوەتەوە. لینکی ئەلکترۆنی توێژینەوەکە لە وێبسایتی گۆڤارەکە. (https: //doi.org/10.1177%2F0261927X970161002)

[3] **LL** کوتکراوەی "Linguistic Landscape " ە

پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگەوە دەکۆڵێتەوە. بەڵام، دواتر ئەو بوار پەرەی سەند و فرە پسپۆری تێدا پەیدابو، واتە پسپۆڕیەکانی لەبواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەرچون و فراوانتربون بواری تریشی گرتەوە. وەک بوارەکانی: ڕۆشنبیری گشتی و مرۆڤناسی و زمانەوانیی دەرونی و ئابوری و پەروەردە و ..... تاد، گرتەوە .(المبشر2020، 25).

دەتوانین بڵێین، دیمەنی زمانی لەمەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریدا وەک ئامێرێک خۆی دەنوێنێ.

**2-3- ئە رکی زانیاری و ئەرکی ڕەمز لە دیمەنی زمانیدا:**

دیمەنی زمانی دو ئەرکی گرنگ دەبینێت ( ئەرکی زانیاری informational function ، ئەرکی رەمز symbolic function) ، مەبەست لە ئەرکی زانیاری، گەیاندنی ڕاستەخۆی هەمو ئەو زانیاریانەیە کە لە دیمەنە زمانیەکەدا پێشکەش کراون، جا ئەو دیمەنە زمانیە فەرمی بێت یان نافەرمی بێت، ئەو زانیاریانەش بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا پیشان دەدرێن، کەواتە، ئەرکی زانیاری: گەیاندنی ڕاستەخۆی ئەو زانیاریەیە کە لە دیمەنی زمانیدا هەیە بەمەش ڕۆڵی پەیوەندیکردن دەبینێت.

ئەرکی ڕەمزیش لە دیمەنی زمانیدا بۆ هەمو ئەو واتا بارکراوانە دەگەڕێتەوە کە لەپشت دیمەنە زمانییەکەوە حەشاردراون، واتە لە دیمەنی زمانیدا جگە لە ئەرکی گەیاندنی زانیاری ئەرکێکی تریش هەیە، ئەویش ئەو واتا ناڕاستەخۆیانەن کە لە دیمەنەکەدا هەن، کە ئاستی ڕۆشنبیری و کەسایەتی و بارو دۆخی ئابوری و چەندان زانیاری تر دەردەخەن.

**2-4- جۆرەکانی دیمەنی زمانی بەشێوەیەکی گشتی:**

دیمەنی زمانی بابەتێکی یەکجار فراوان و هەمەچەشنە، هەمو ئەو نوسراوە هەڵواسراوانە دەگرێتەوە کە دەبینرێن و بۆ مەبەستی جۆراو جۆر و لە کەلوپەلی جۆراوجۆرەوە دروستدەکرێن، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لەم خشتەی دەیخەینەڕو:

خشتەی ژمارە(1)جۆرەکانی دیمەنی زمانیی:

| جۆرەکانی دیمەنی زمانیی | مەبەستی بەکارهێنان | کەرستەی بەکارهاتوو |
|---|---|---|
| تابلۆی نوسینی ناونیشان | بازرگانی، ناساندن | فلێکس، شاشەی ئەلکترونی، تابلۆی ئاسایی، تابلۆی ڕووناکی، تەختە |
| تابلۆی ڕیکلام | بازرگانی ، ناساندن | فلێکس، قوماش، تابلۆی ئاسایی تابلۆی ڕووناکی |
| پروشەری ناساندن | بازرگانی، ناساندن،بانگەشە | چاپکراوی سەر کاغەز |
| دیواری ئازاد لە شوێنە گشتیەکاندا | مەبەستی تایبەت | دیوار |
| ڕوپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکان | ڕاگەیاندن، بازرگانی ناساندن، مەبەستی تایبەت | کاغەز، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی |
| ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان | ڕاگەیاندن، بازرگانی، ناساندن مەبەستی تایبەت | ماڵپەری ئەلکترونی |
| کارتۆن و نایلۆن و قوتوی بەرهەمە بازرگانییەکان | ناساندنی بەرهەم | کارتون، نایلۆن، قوتو |
| بەردەنوسی ناساندن (ناساندنی پرۆژەکان، ناساندنی پەیکەر، ناساندنی گۆڕ لە گۆڕستانەکان) | ناساندن | بەردەنوس |

**2-5- پەیوەندی دیمەنی زمانی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە:**

**2.5.1 سیاسەتی زمان -Language Policy :**

سیاسەتی زمان جۆرێکە لە سیاسەتی گشتی حکومەت لە هەمان کاتیشدا، بە شێکی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتە، ئەم سیاسەتە لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە دادەڕێژرێت, ئامانج لێی ئەوەیە زمانی فەرمی دیاریبکرێت و لەهەمان کاتدا مافی زمانەکانی تری سنوری دەوڵەتیش لەم سیاسەتەدا ڕەچاو بکرێت.

*Shohamy* پێی وایە سیاسەتی زمان توانستی دروستکردنی زمانی هەیە و دەتوانێ دۆخی زمانێک بەرزبکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبونەوەی زمانەکانی تر ( Shohamy2006,124. ) واتە سیاسەتی زمان زۆر جار بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی زمانێک لەسەر حسابی ئەوانیتر. زۆرێک لە وڵاتان سیاسەتیان هەیە بۆ پاراستن و بەرزکردنەوەی زمانە ناوچەییەکان، یان ئەو زمانانەی کە مەترسیان لەسەرە. جگە لەوەش سیاسەتی زمان، بۆ پاراستی زمانی نەتەوە و ئاسایشی نەتەوەیە. هەندێ جاریش سیاسەتی زمان بەکاردێت بۆ کۆسپ و تەگەرە خستنە پێش گەشەکردنی زمانی بن دەست(جامباز2011،7 ) زۆرجاریش هەوڵی سڕینەوەی زمانێک دەدرێت یان فەرامۆش دەکرێت لە خوێندن و یاسا و دیمەنی زمانیدا. وەک: تورکیا و سوریا و ئێران بەرانبەر بەزمانی کوردی کردویانە.(( هەندێ جاریش دەسەڵات زمان بەو ئاراستەیە دەبات کە خۆی مەبەستیەتی. . (تۆفیق2007، 48)

لەخوارەوە هەندێ پێناسەی سیاسەتی زمان دەخەینەڕو:

- هەمو ئەو بژاردانەن کە ئاگایانە دەستنیشان دەکرێن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی(کالفی 2008، 221).
- بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی زمان چوار چێوەیەکە سەبارەت بە زمان بڕیار دادەڕێژێت، دو مەبەستی لە پشتە: یەکەمیان گۆڕینی زمان .دوەمیان پاراستن و پەرەپێدانی زمان. (قازی 2020، 16) .
- *David* پێیوایە سیاسەتی زمان ئەو ڕەفتارو کارلێکانەن کە بە هۆیانەوە دۆخی فەرمی زمان و بڕیاری تایبەت بە زمان دەسەپێنرێ، بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدابێت. (David 2013, 21)
- سیاسەتی زمان ڕێکخستنێکی سیاسیانەی مەبەستداری نەتەوەیی زمانە، کە بە هۆیەوە پێگەو بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی ڕێکدەخرێت و زمانی بینراو و بیستراو لە هەمو بوارەکاندا یەکدەخرێت، بێگومان ئەو زمانەش لەلایەن حکومەتەوە هەڵبژێردراوە و کراوە بە زمانی فەرمی، کەواتە، سیاسەتی زمان کاری حکومەتە و دەیخاتە بەرنامەی کارەکانییەوە ئەمەش سەرەنجام دەبێتە سیاسەتی زمانی وڵاتەکە (حەمە ئەمین و کریم 2017، 9).

کەواتە، سیاسەتی زمان ئەوەیە کە حکومەت بە فەرمی لە ڕێگەی یاسادانان یان بڕیاری دادگا یان پەرلەمان سیاسەتی زمان دادەڕێژێت، بۆ ئەوەی دیاری بکات، کە چۆن زمانەکان بەکار دەهێنرێن، (wiley1996,108) چ زمانێک زمانی فەرمی ئەو شوێنەیە؟ گشت یاساکانی حوکومەت و بڵاو کراوە و ئاگاداری و ڕێنماییەکان بەکامە زمانن؟ زمانی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو توێژینەوەکان چ زمانێکە؟ ڕێو شوێنە دادوەرییەکان و بریاری دادگا بە چ زمانێکە؟ لە ئالۆگۆڕی بازرگانی وڵات لەگەڵ وڵاتانی تردا چ زمانێک زمانی فەرمییە؟ لەپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا چ زمانێک بەکاردێت؟ ئەو زمانەی لە دامودەزگای حوکومەت و ناوەندەکانی خوێندنی حوکومی و ناحوکومیدا بەکاردێت چ زمانێکە؟ کامە زمان لەپاڵ زمانی فەرمی بەکاردێت لە خوێندندا؟ لە چ ئاستێکی خوێندندایە؟ ئەو زمانەی لە میدیاکان بەکاردێت کامە زمانە ؟ لە تابلۆی فەرمی و نافەرمیدا ڕێزبەندی زمانی بەکارهاتو چۆنە؟ هەمو ئەو پرسیارانە دەکرێ سیاسەتی زمان وەڵامیان بداتەوە .

**2.5.2 پلانی زمان - Language Planning :**

پلانی زمانی، وەکو بەشێک لە پلانی گشتیی حوکومەت، لە هەمو بوارە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زماندا، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە وەکو: (نوسینی فەرمی، فێرکردن، ڕاگەیاندن، بازرگانی، پیسەسازی، بواری فەرهەنگسازی، دیمەنی زمانیی.....تاد)، بە شێوەیەکی گشتی پلانی زمانی هەنگاوی دوای سیاسەتی زمانییە. واتە دوای ئەوەی سیاسەتی زمانی وڵات دادەڕێژرێت، ئەوکات دامودەزگا پەیوەندیدارەکان پلان دادەنێن بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە. بۆنمونە: وەزارەتی پەروەردە پلان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان لە بواری فێرکردندا. وەزارەتی ڕۆشنبیری پلان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی سیایەتی زمان لە ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکاندا. هەمو دامودەزگاکانی حکومەت بەهەمان شێوە، لەڕوانگەی سیاسەتی زمانەوە، پلان لەبواری پسپۆڕیی خۆیاندا دادەنێن، کەواتە، پلانی زمانی گۆڕانکاریەکی مەبەستدارە لە زماندا ئەم گۆڕانکارییە لە سیستەمی زمان دەبێت، یان لە قسەکردن،

یان لە هەردوکیاندا، ئەمەش لە لایەن ئەو دەزگا پسپۆڕ و تایبەتمەندانەوە دەبێت، کە، ڕێپێدراوی ئەوکارەن.( Johnson 2013 .(27توێژینەوە لە سیاسەتی زمان و پلانی زمانی دەبێتە بەشێک لە توێژینەوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، چونکە، هەوڵی ئەوەدەدات ئەو کاریگەریانە ڕون بکاتەوە و چارەسەریان بکات، کە زمان دروستی دەکات لە کۆمەڵگەدا. بەشێوەیەکی گشتی چەمکی پلانی زمانییەوە بەم شێوەیە ناسێندراوە:

- گۆڕانێکی مەبەستدارە لە بنیاتی زمان و ئەرکی زمان، یان لە هەردوکیاندا، هەڵدەدات کێشەکانیان بدۆزێتەوە بە دەستەبەرکردنی کاریگەرترین و باشترین بژاردەی گونجاو چارەسەریان بکات..(Rubin and Jernudd 1971, xvi)
- پلانی زمان بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دۆخی زمان لە ڕوی پێداویستیەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە.Wright ) 2004, 71)
- پلانی زمان بەکاردێت بۆ "دەستێوەردان و پاکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی زمان لە نەتەوەیەکی دیاریکراودا.( 2006, 49 Shohamy)
- پلانسازی زمان بریتییە لە: دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمان .(کالفی 2008، 395).
- پلانی زمانی بە شێوەیەکی سەرەکی دیزاین کراوە بۆ هەژمارکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە گۆڕانکاری زمانی لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەم چەمکە پەرەسەندنی زمانێکی زاڵ لە سەر حسابی زۆرێک لە زمانەکانی تر دادەنێت ( Pius and Blasius 2021,180) .

لەو پێناسانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی لە پلانی زمانی ئەوەیە ئەو سیاسەتەی حوکومەت و لایەنی پەیوەندیدار بۆ زمان دایانڕشتوە، بە پلانێکی تۆکمە پەیڕەوی بکەن. بۆ ئەوەی زمان بەرەوپێش ببەن لە هەمو ڕویەکەوە، واتە چارەسەرکردنی هەمو ئاریشەکانی زمانە. بۆ ئەوەی بتوانن بە بێ بونی کێشە پێداویستیی تاک و کۆمەڵ جێبەجێ بکەن.

بۆیە لە پلانی زمانیدا هەوڵدەدرێت کێشەکان بەباشترین شێوە چارەسەربکرێن. بەڵام، *cooper* بیرو ڕای جیاوازی هەیەو پێیوایە ئەوەی کە دەگوترێ پلانی زمانی هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی کێشەکانی زمان پێناسەیەکی سەر لێشێوێنە. چونکە، سەرنجمان دوردەخاتەوە لەسەر پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی پلانی زمان کە (سیاسی، ئابوری، زانستی .....تاد)ن(77 ,cooper 2006 )

کەواتە، تەنها بونی کێشەی زمان نابێتە پاڵنەر بۆ پێویستیبونی پلانی زمانی، بەڵکو،، چەندین هۆکاری شاراوە هەن، لە پشت پلانی زمانییەوە. بەڵام، ئەوەی بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە دۆزینەوەی کێشەکانی زمان و چارەسەرکردنییەتی بەشیوەیەکی گونجاو وکاریگەر، بەتایبەتی لەو شوێنەی کە پەیوەندی بە دیمەنی زمانییەوە هەیە.

پلانی زمانی لە دو ڕوی جیاوازەوە کار لەسەر زمان دەکات:

ڕوی یەکەم: بەشێوەیەکی سیستماتیک زمان ڕێکدەخاتەوە، گۆڕانکاری لە فۆڕمی زمان دەکات و ئاریشەکانی لەڕوی ( فەرهەنگ، ڕێنوس، شێوەی فۆنت، بەرزکردنەوەی کوالێتی زمان، ........تاد) چارەسەردەکات.

ڕوی دوەم: پلاندانان بۆ زمان بۆ ئەو کێشانەی کە بەکۆمەڵەوە گرێ دراوە، لێرەشدا گرنگی بە کوالێتی زمان نادرێت، تەنها بایەخ دەدرێت بەو پەیوەندیەی کە لە نێوان زمان و کۆمەڵ هەیە. بۆیە زمانەوانانی کۆمەڵایەتی وپلاندارێژەرانی زمان ڕۆلی سەرەکی دەبینن لە پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە. ( wiley 1996,110)

بۆیە پێویستە پلاندارێژەران ڕەچاوی ویست و ئارەزوی تاک و کۆمەڵ بکەن. چونکە، ئەو پلانەی کە لەلایەن کۆمەڵەوە پێشوازی لێدەکرێت و پەیڕەودەکرێت زۆر سەرکەوتوترە لە چاو ئەو پلانەی کەلەلایەن کۆمەڵەوە پەیڕەو ناکرێت و پێشوازی لێناکرێ. هەندێ جاریش هەندێ هۆکاری تایبەت هەن دەبنە کێشە لەبەردەم جێبەجێکردنی پلانی زمانیدا وەکو: (دیمۆگرافی، سیاسی، ئابوری، دەروناسی، کۆمەڵایەتی، ئاینیی........تاد) .

بێگومان هەرپلانێک دابنێرێت ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە. پلانی زمانیش چەندین ئامانجی هەیە کە لە بەرژەوەندی خەڵک و وڵاتدایە، ئامانجەکانی پلانی زمانی ئەمانەن:

- دانانی پێوەر بۆ بۆ نوسینێکی ڕاست و ئاخاوتنی دروست.
- ڕادەی گونجانی زمان وەک ئامرازێکی نەتەوەیی بۆ گوزارشتکردن.
- ڕادەی توانستی زمان کە ببێتە هۆکاری ڕاهێنانی هزری و زانستی.
- ڕادەی توانستی زمان لە بواری تیگەیشتنی کۆمەڵگە جیاوازەکانی هەمان وڵاتدا.
- دەستنیشانکردنی زمانی فێرکردن.
- وەرگێڕانی کاری ئەدەبی.

- دەستنیشانکردنی زمانی گونجاو بۆ کاروباری زانستی.
- دەستنیشانکردنی سنوری کۆتی بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکان. (زکریا1993، 11)

جێبەجێ کردنی پلانی زمانی بە دەست هێنانی ئەو ئامانجانە لە وڵاتیکدا، تەنها پەیوەست نییە بە حوکومەت و لایەنی پەیوەندار، بەڵکو دەبێ خەڵک بەگشتی هاوکاربن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە، وەک *Bentahila* دەڵێ: هەڵبژاردنی زمان لە کۆمەڵدا تەنیا لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە ناچێت بەڵکو تاکەکان پشکی خۆیان هەیە بۆ ئەو زمانانەی کە بە گرنگ دەزانن و بەکاری دەهێنن. (bentahila1983,15 )بۆ نمونە لە دیمەنی زمانی نافەرمیدا کە تایبەتە بەتاکە کەسێک یان دام و دەزگایەکی ناحوکومی، یان بازاڕو شوێنە گشتییەکان، ئەوەی دەبینرێ زمانی کوردی کە زمانی فەرمی وڵاتە و زمانی نەتەوەییە، لە هەندێ شوێندا زۆر بە کەمی بەکارهاتوە تەنانەت هەندێ شوێن، تەواو وەک ژینگەیەکی بیانی دەردەکەوێت، بێگومان ئەمەش بە پلەی یەکەم خەڵکەکە خۆی بەرپرسە و نایەوێ زمانی ڕەسەنی خۆی لە دیمەنی زمانیدا بەکاربهێنی. ئەمەش هەندێ جار بۆ هۆکاری ئابوری و بازرگانی دەگەڕێتەوە چونکە، بە بۆچونی ئەو خەڵکە ئەگەر بە زمانی بیانی بنوسن ئەوە فرۆشیان زیاتر دەبێت. هەندێ جاریش کەسەکە خۆی هیچ هەستێکی خۆشەویستی بۆ زمانەکەی نییە و نایەوێت بەکاریبهێنێت، لێرەدا حوکومەت و لایەنی بەرپرس بە پێی سیاسەتی دارێژراوی وڵاتەکە ، پێویستە بۆ ئەو جۆرە شوێنە و ئەو پێشێلکاریانە سزای یاساییان هەبێت، تەنیا ئەو وڵاتانە یان ئەو دەسەڵاتانە نەبێت کە ئازادی ڕەهایان بۆ بەکارهێنانی زمان داناوە.

دەتوانین بڵێین، ئەو سیاسەتەی کە لە دیمەنی زمانیدا پەیڕەو دەکرێ بەرهەمی جۆری بیرکردنەوەو تێڕوانینی خەڵکە بۆ زمان کە ڕاستەوخۆ لە دیمەنی زمانییدا ڕەنگدەداتەوە.

### 2.5.3 پەیوەندی دیمەنی زمانی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە:

وەکو پێشتر ڕونمان کردەوە، کە " دیمەنی زمانی" بریتییە لە زمانی بینراو، لە هەمو ناوچەک و شوێنێک بونی هەیە، کە دەبێتە یارمەتیدەر و ڕێپشاندەر بۆ ئەو کۆمەڵگەیە و بۆ ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەو شوێن و ناوچانە دەکەن. جا بە هەر مەبەستێک بێت، لە هەمان کاتیشدا " دیمەنی زمانی" ی، دەرخەری ئاستی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی شێوازی بیرکردنەوەو نەتەوەیە. زۆرجار ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و بەها زاڵەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، بەتایبەتی کاتێک دو زمان یان زیاتر پێشبڕکێ دەکەن. (Channa 2021, 65) بۆیە لەلایەن حوکومەتەوە گرنگی تایبەتی پێدراوە و سیاسەت و پلانی تایبەتی بۆ دارێژراوە، چونکە، بونی هەرخەوش و ناتەواوییەک لە زماندا دەخرێتە ئەستۆی حوکومەت و لایەنی پەوەندیدار. پێچەوانەی زمانی ئاخاوتن کە تاک ئازادە و بونی خەوش و ناتەواوی لە ئاخاوتندا لە ئەستۆی کەسەکەیە، هەندێ جاریش دەخرێتە ئەستۆی دایک و باوک و هاوڕێ و مامۆستاوە. ( spolsky2004,154 )دیمەنی زمانی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە هەیە، کە بە جۆرێک دیمەنی زمانی لە وڵاتدا ڕێکدەخەن و پێگەی زمانەکان و پێشنەیی بە کارهێنانییان دەستنیشان دەکەن، (الصیفی2015،201) هەروەها، سیاسەتی زمانی دەوڵەت دەبێتە هۆی چۆنییەتیی دەرکەوتنی زمانی نەتەوەیی لەناو دیمەنە زمانییەکەدا. بەهێزی و تۆکمەیی زمانی نەتەوەیی لەناو خەڵکدا، سازانی خەڵك و ڕاگەیاندن و دەوڵەت لەسەر یەك زمانی ئاخاوتن و نوسین، دەبێتە هۆکاری بەهێزی دەوڵەت و بنەمایەکی گرنگیشە بۆ دروستبونی زمانی ستانداردی نەتەوەیی. لە ئەوروپای سەردەمی بوژانەوەدا، وڵاتە ئەوروپییەکان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لەجێی زمانی لاتینیدا، کە زمانی فەرمی زانست و دەوڵەتداریی هەمو ئەوروپا بوە. ئەم ڕوکردنە زمانی نەتەوەییەشیان بۆ بەهێزبونی دەوڵەتی نوێ بو. نەتەوەکانی ئەڵمان و ئیتاڵی و ئیسپانی و فەرەنسی، هەریەکە لەسنوری وڵاتی نوێی خۆیاندا، زمانی نەتەوەییان کردە زمانی دەوڵەت. لەفەڕەنسا، پاشا فرانسۆی یەکەم بڕیاریدا لەدادگاکاندا زمانی فەرەنسی ببێتە زمانی قسەکردن و نوسینی بڕیارەکان. شاژنی ئیسپانیا لە ساڵی (1492)بڕیاریدا سینتاکسی شێوەزاری قشتالی بنوسرێتەوە و لەجیاتی زمانی لاتینی بەکاربێت ( قرقور2017، 35) .

دیمەنی زمانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی زمانی وڵاتە، ئەوە دەردەخات، کە دامودەزگاکانی حکومەت چەندە پابەندی ئەو سیاسەتە زمانییەن کە وڵات هەیەتی. دیمەنی زمانی نافەرمیش دەریدەخات کە هاوڵاتییان چەندە پابەندی سیاسەتی زمانی وڵاتن، هەروەها حکومەت چەندە چاودێریی هاوڵاتییان دەکات بۆ پابەندبون بە پلانی زمانیی دیاریکراو بۆیان. جگە لەمەش وەکو *Shohamy* دەڵێ: **LL** ئەوە بە ڕونی پیشان دەدات کە چ زمانێک باڵادەستەوە چ زمانێک باڵادەست نییە. هەرچۆنیکیش بێت **LL**ئامرازێکە بۆ بەرزکردنەوەی دۆخی زمانێکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیارکراودا.( Shohamy ,2006 125)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دیمەنی زمانی ئاوێنەیەکە ڕاستەخۆ سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی حەکومەت و هەست و سۆزو چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵک بەرامبەر بەزمان و باری ئابوری و ئاستی ڕۆشنبیری و کەلتورو باری دەرونی خەڵک بەگشتی و ڕەوشی ئێستا و داهاتوی زمان دیاردەخات. جگە لەمانەش، دەرخستنی هەوڵی بەرپرسان لە بەرەو پێشەوەبردنی زمان نەتەوەیی و

دەرخستنی زمانی زاڵ و زمانی بەزیو بە زەقی لە دیمەنی زمانیدا دەردەکەویت. بۆ زیاتر ڕونکردنەوە ئەو بابەتە سەیری هێلکاری، ژ1 بکە:




هێڵکاری1: ڕەنگدانەوەی بابەتە پەیوەندیدارەکان لە دیمەنی زمانیدا.

**2-6- شێوازی فەرمی و نافەرمی [4] لە دیمەنی زمانیدا :**

دیمەنی زمانی لەگەڵ ئەوەی بەشێکە لە توێژینەوە لە زمانەوانیی کارەکیدا، زانیاریش لە بارەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی فەرمی و نافەرمیەوە دەبێت، مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە دیمەنی زمانیدا ، ئەو زمانە دەگرێتەوە کە لەلایەن حوکومەت یان ئەو لایەنانەی کە بەرپرسن لە دانانی سیاسەتی زمان و جێبەجێکردنی پلانی زمانی لە ناوچەکەدا بەفەرمی ناسێنراوە و لە شوێنە گشتیەکاندا بەکاردەهێنرێت. ئەو جۆرە دیمەنە زمانیە پێیی دەگوترێ:"Down Top " یان شێوازی فەرمی یان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، واتە لە دەسەڵاتەوە بەرەوە خەڵک ئاراستەدەکرێت. جۆری دوەم پێی دەگوترێ " Bottom Up"شێوازی نافەرمی یان خوارەوە بۆ سەرەوە، واتە لە خەڵکەوە بەرەو دەسەڵات ئاراستەدەکرێ، ئەو جۆرەیان بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی نافەرمی لە دیمەنی زمانیدا، چ لەلایەن ڕێکخراوە ناحوکومی و تایبەتییەکانەوە یان لە لایەن تاکەکەسەوە بێت. ئەم جۆرەیان پابەندی هیچ یاسایەک نابێت. ئەمەش پێچەوانەی جۆری یەکەمە، کە پابەندی یاسایە لە بەکارهێنانی زمانەدا.

*Gorter*پێیوایە توێژینەوە و شیکردنەوە لە" Top Down-Bottom Up" دەتوانێت زانیاریمان پێبدات لە بارەی سیاسەتی زمان و پلانی زمانی، چونکە، ڕاستەخۆ ڕەوشی زمان لە دیمەنی زمانیدا ڕەنگدەداتەوە (Gorter 2006, 68 )لەبارەی

[4] بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:
- Landry and. Bourhis, “Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality,”p27.
-Backhause, “Multilingualism in Tokyo: A Look into the Linguistic Landscape,”p: 52-66.
-Shohamy, Ben Rafael, Monica Barni, “Linguistic Lanscape in the City,”p: xi-xxvii.,

دەستەواژەی " Top Down- Bottom Up" توێژەران چەند دەستەواژەیەكی جیاوازیان بەكارهێناوە لە توێژینەوەكانیاندا بۆ گوزارشتكردن لەو دو شێوە جیاوازە لە بەكارهێنانی زمان لە دیمەنی زمانیدا، هەندێكیان دەستەواژەی "تایبەتی-حوكومی" یان بەكارهێناوە" goverment – private " وەكو: *Landry and Bourhis* دوای ئەوانیش توێژەرانی تر دەستەواژەی "فەرمی–نافەرمی" یان بەكارهێناوە" official and non official " وەكو: *Backhause* هەندێكتر لە توێژەران دەستەواژەی "گشتی–تایبەتی" یان بەكارهێناوە "private and public" وەكو: " *Shohamy, Ben Rafael, Monica Barni* "هەرچەندە، ئەو دەستەواژانە جیاوازن بەڵام، بۆ هەمان مەبەست بەكارهاتون.

## 2-7 جۆرەكانی دیمەنی زمانی لە ڕوی زمانە بەكارهێنراوەكانەوە:

لەڕوی ژمارەی زمانی بەكارهێنراوەوە دیمەنی زمانی ئەم جۆرانە لەخۆدەگرێت:

**تاكزمان** - monolingual، **جوتزمان** -bilingual، **فرەزمان** Multilingual

### 2-7-1 تاكزمانی لە دیمەنی زمانیدا:

بریتییە لە گەشە كردنی زمانێک و زاڵبونی بەسەر زمانەكانیتر لە ڕوی سیاسی و یاسایی و كۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، دەكرێ ئەو زمانە زمانی زۆرینەی خەڵک بێت یان زمانێک بێت كە حكومەت خۆی دەستنیشانی بكات. یان دەكرێ ئەو زمانە زمانی ئەو وڵاتە بێت یان زمانی داگیركەربێت(الصیفی2015، 44). وەک لە سەردەمی حكومڕانی بەعس لە كوردستاندا بەدیدەكرا، كە ناوی قوتابخانەو مزگەوت و شارو گوندەكانی گۆڕی لە زمانی كوردیەوە بۆ زمانی عەرەبی . بۆنمونە بەفەرمانی ژمارە(41) لەساڵی(1976) ناوی پارێزگای كەركوك لەكەركوكەوە بۆ تئأمیم گۆڕی (برزۆ2016، 12)بەڵام لە ئێستادا بەگشتی ئەم چەشنە دیمەنە زمانییە، لەو شوێنانە بەكاردێن كە لاچەپ و دورەدەستن و گەشتیار و بازرگانییان بەسەرەوە نییە. شارۆچكەی بچوك و گوندەكان بەگشتی لەم چەشنە شوێنانەن. بەمەرجێك هاتوچۆی بیانییان بەسەرەوە نەبێت. ئەوكاتە لە دیمەنی زمانیدا تەنیا زمانی ناوچەكە دەردەكەوێت، ئینجا لەم چەشنە شوێنەشدا بەگشتی دیمەنی زمانی كەم بەكاردێت، بۆنمونە ڕەنگە فرۆشگایەك یان بەنزینخانەیەك لەشوێنەكە هەبێت، بەڵام هیچ تابلۆیەكی ناساندنی هەڵنەواسیبێت، چونكە لە شوێنەكە تاقانەیە و بێ ركابەرە، یان زۆر ناسراوە. هەندێجاریش بونی هەستێكی بە هێزی نەتەوایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی كە دیمەنە زمانییەكە تەنها بە زمانی نەتەوایەتی بنوسێت، ئەمەش لە هەندێ شوێن لە شاری هەلێردا دەبینرێت.

لە دیمەنی تاكزمانیدا، هەندێجار زمانی نەتەوە و هەندێجار زمانی بێگانە بەكاردێت، ئەویش ئەگەر وشە و زاراوە بەكارهاتوەكە زۆر زەق و ناسراوبێت. بۆنمونە ڕەنگە فرۆشگەیەك لە لادێیەكی دورەدەستدا، لە تابلۆی ناساندنەكەی لەجیاتی "فرۆشگە" بنوسێت "ماركێت".

دیمەنی زمانی تاكزمان، لەو وڵاتانەشدا بەكاردێت كە سیاسەتی زمانیی تایبەتیان هەیە بۆ سەپاندنی زمانێك یان پارێزگاریكردن لە زمانێك. هەروەها لەو شوێنانەش بەكاردێت كە خەڵكەكەی دەمارگیرییان بۆ زمانی نەتەوەیی هەیە. زۆرجاریش لە دەوڵەتێكی فرەنەتەوەدا، یەك نەتەوە دەسەڵات دەگرێتەدەست، زمانی خۆی بەسەر هەمو وڵاتەكەدا دەسەپێنێت، ئەوكات دیمەنی زمانی لە هەمو ناوچە جیاجیاكاندا تەنیا بەزمانە سەپێنراوەكە دەبینرێت.

### 2-7-2- جوتزمانی لە دیمەنی زمانیدا:

مەبەست لەم چەشنە بەكارهێنانی دو زمانە لە دیمەنی زمانیدا. بەگشتی لەو وڵاتانەدا بەكاردێت كە پێشتر لە لایەن زلهێزەكانەوە داگیر كراون و پاشان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتوە. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی كە زمانی داگیركەر لە پاڵ زمانی فەرمی بەكاربهێنرێت، جگە لەو هۆكارە هۆكاری تریش وەكو: كۆچكردن و نزیكی سنوری نێوان دو وڵات یان كاریگەربون بە بیروباوەرو كەلتوری ئایینی وەكو كاریگەربونی گەلی كورد بە نەتەوەی عەرەب كە بەهۆی پەیڕەوەی ئایینی ئیسلامەوە و فێری زمانی عەرەبی بون(عەبدوڵلا 2016، 46)

جوتزمانی یان بەیاسا ڕێکدەخرێت یان ڕۆژگار دەیسەپێنێت، کە دەبێتە بەشێک لە ژیانی خەڵکەکە، هەندێ جاریش زمانێکی بیانی گرنگ لە پاڵ زمانی نەتەوەیی وەك پێویستیی نیشتمانی بەکاردێت و زمانە بیانییەکەش وەك پێویستیی سیاسی یان ئابوری بەکاردێت. بۆنمونە: ئەو وڵاتانەی لە سنوری بازنە سیاسییەکانی (فرانکۆفۆن) ین، زمانی فەرەنسی لەگەڵ زمانی نەتەوەیی بەکاردێنن. هەروەها ئەو وڵاتانەی لە بازنەی سیاسی (کۆمنۆڵث) ین، زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی نەتەوەیی بەکاردێنن. هەندێ لە توێژەران جوتزمانی بە گرفتی دەزانن بۆ وڵات، بەڵام جوتزمانی دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە بۆ زمان لە زۆر وڵاتانی دونیادا پەیڕەو دەکرێت، چونگە گرنگیەکی زۆری لە بوارەکانی بازرگانی، ئابوری، زانستی، پیشەیی،.......تاد، هەیە. (Fasold1984, 16)

جوتزمانی هەندێ جار لەسەر ئاستی وڵاتێکدا پەیڕەو دەرکرێت، واتە دەوڵەت خۆی دایدەنێت، کە دو زمانی سەرەکی زمانی فەرمی وڵاتن، وەک لە وڵاتی عیراقی فیدراڵدا دەبینرێت، کە زمانی عەرەبی و زمانی کوردی، زمانی فەرمی وڵاتن. وەك لە دەقی ماددەی چواری دەستوری عیراقی فیدڕاڵدا هاتوە.

هەندێجاریش جوتزمانی لەناو هەندێ دامودەزگای تایبەت بەکاردێت، بە تایبەتی لە بواری بازرگانی یان زانستی یان پیشەییدا، بۆ نمونە لە هەندێ شوینی بازرگانیدا لە پاڵ زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیدا زمانی ئینگلیزیش بەکاردێت و هەندێجاریش زمانی عەرەبی دەبینرێت. جۆرێکی تریش لە جوتزمانی بریتییە لەجوتزمانی پەروەردەیی،(الصیفی2015، 14)، ئەو جۆرەیان تایبەتە بە بوارەکانی خوێندن، ئەمەیان لە کوردستاندا بە زەقی دەبینرێت، بە تایبەتی لە قوتابخانە و زانکۆ ناحکومیەکاندا، کە زمانی ئینگلیزی لە خوێندن و لە دیمەنە زمانییەکانی نێو قوتابخانەکاندا لە پاڵ زمانی فەرمی وڵات بەکاردێت.

**3-7-2- فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا:**

لەم چەشنە دیمەنی زمانییەدا، زمانی نەتەوەیی و چەند زمانێکی تریش لە پاڵ زمانی فەرمی وڵات بەکاردێن، ئەم فرەزمانیش هۆکاری زۆری هەیە: لەپێش هەموویانەوە، بونی دیموکراسییە لە وڵاتدا. ئینجا کرانەوەی وڵات بەڕوی گەشتیاری و بونی بازاری ئازاد و پیشەسازی و ڕۆشنبیری لەپاڵ هەمو ئەوانەشدا، نەبونی دەمارگیری نەتەوەیی وهەستی خۆسەپاندن بەسەر ئەوانیتر، یارمەتیدەرە بۆ فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا *Cenoz and Gorter* پیان وایە کە جیهانگیری و کۆچبەران و گەشتوگوزار و بوژاندنەوەی زمانی کەمایەتی، بوە هۆی دروستکردنی دیمەنی فرەزمانی، واتە فرەزمانی هەندێجار دەبێتە پێویستیەک بۆ ئەو وڵات و نەتەوەیە. . (Cenoz and Gorter, 2008)

فرەزمانی لە وڵاتدا زۆرجار بەپێی دەستور ڕێکدەخرێت، واتە بە فەرمی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا ڕادەگەیەنرێت، بەڵام، هەندێجار فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا بەدیدەکرێت، واتە نانوانرێ ڕێگری لە بەکارهێنانی فرەزمانی بکرێت لە دیمەنی زمانیدا، فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا لە دو جۆر وڵات جێبەجی دەکرێت: ئەو وڵاتانەی کە فرەنەتەوەن، هەروەها ئەو وڵاتانەی کە دراوسێکانییان فرەنەتەوەن و خاوەن زمانی جیاوازن، ئەمەش بە هۆکاری بازرگانی و ئابوری و گەشتیاری، فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا وەک پێویستیەک پەیڕەودەکرێت. فرەزمانیش لە گەڵ ئەوەی زۆرجار دەبێتە کێشە بۆ وڵات بەڵام، چەندین سودی گرنگیشی هەیە لەوانە:

1. ئاشنابون بە زمان و کەلتور و ڕۆشنبیری میللەتان، چونکە زمان ڕەنگدانەوەی کەلتور و ڕۆشنبیری میللەتە.
2. سیاسەتێکی زمانیی بەهێزە بۆ پاراستنی زمانی کەمینە نەتەوایەتییەکان.
3. پاراستنی هەمەچەشنی زمان و هەمەچەشنی کەلتور.
4. فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بۆ فێربونی زمانە بەکارهاتوەکان (Chrismi 2016, 3 )
5. فرە زمانی لە دیمەنی زمانیدا تێروانینێکی باشمان پێدەبەخشێ کە چ زمانێک شان بەشانی زمانی فەرمی بەکاردێت؟ لە چ شوێنێک بەکاردێت؟ لە لایەن کێی و بۆ چ مەبەستێک بەکاردێت؟
6. یەکێک لە سودە گرنگەکانی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا بریتییە لە سودی ئابوری، بۆنمونە: ئەو ولاتانەی شوێنی گەشتیاری زۆرییان تێدایە و ساڵانە چەندین گەشتیار ڕوی تێدەکەن، دیمەنە زمانیەکانیان بە زمانی جیاواز دەنوسن، چونکە دەتوانێت ببێتە بەرچاوڕونی و ڕێپیشاندەری زیاتر بۆ گەشتیاران، بەهۆیانەوە سەرمایە گوزاری دەرەکی دێتە وڵات و کەرتی گەشتیاری گەشەدەکات.

7. لە دیمەنی فرەزمانیدا دەتوانین لە سیاسەتی راستەقینەی دەوڵەت یان هەرێم وناوچەیەکی دیاری کراو تێبگەین. (Ellaga and Valdez 2012, 3).

لەگەڵ بونی ئەو ئەو هەمو گرنگیەی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا، زۆر جار فرەزمانی کێشە دروست دەکات. *Landry and Bourhis* پێیان وایە دیمەنی زمانی رەنگدانەوەی ئەو زمانانەیە کە لەو شوێنە یان لەو ناوچەیە بەرچاون و زۆرترین ئاخێوەریان هەیە، لێرەشدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کاتێک زیاتر لە زمانێک لە دیمەنی زمانی دەبینرێ، واتای ئەوەیە کە ئەو زمانانە لە پێشبڕکێدان بۆ زاڵبون و خۆسەپاندن بەسەر یەکترو. زۆرجار دەبینرێ کە زمانی نافەرمی، بەبێ ویست زاڵ دەبێت بەسەر زمانی فەرمی وڵاتدا، بەجۆرێک وەکو زمانی فەرمی بەکاردێت، بۆنمونە لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتەکاندا زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێکی جیهانی لەپاڵ زمانی نەتەوەیی بەکاردێت. لەم بارەیەوە ڕەفیق شوانی دەڵێ: مەترسیی هەژمونی زمانی ئینگلیزی بۆ داهاتوی نەتەوەکەمان زۆر خراپ ڕەنگدەداتەوە، زمانی کوردی دەکاتە زمانی دوەمی کوردستان ،(شوانی2017، 47). بۆیە گەر پێشی لێنەگیرێت و فریای زمانی فەرمی وڵات نەکەوین، ئەوە وردە وردە زمانی نەتەوایەتیمان بەرەو لاوازی و سستی دەروات، واتە زمانی نافەرمی بەسەر زمانی فەرمی وڵاتدا زاڵدەبێت. هەر لەم بارەیەشەوە *Ralph Fasold* دەڵێ: فرەزمانی لەنەتەوەیەکدا دەتوانێت کێشە چارەسەر بکات لەبواری بازرگانیدا لەهەمان کاتیشدا دەبێتەکێشە لە بواری کۆمەڵایەتیدا، (Fasold1984, 4) لێرەدا پێوستە لەسەر هەرتاکێکی ناو کۆمەڵگە و حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار هەست بەوە بکەن لە سود و گرنگیەکەی بێبەش نەبن و لە زیان و کێشەکانیش خۆیان و وڵات بەدوربگرن. بۆیە پێوستە لایەنی بەرپرس هەوڵبدات پلانێکی تۆکمە و پتەو بۆ زمانی نەتوایەتیمان دابنێن، لە گەڵ ئەوەشدا هۆشیاری بە خەڵک بدەن بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە زمانەکەیان، بەجۆرێک کە زمانی فەرمی یان نەتەوەیی لە دیمەنی زمانیدا لە سەروی هەمو زمانێکەوە بنوسرێت. دواتر بە پێی پێویستیی شوێن و جۆری کار، زمانەکانی تر لە خوار زمانی فەرمی بنوسرێن، هەروەها بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە ئەم یاسایە پەیڕەو ناکەن پێویستە سزای یاساییان بۆ دیاری بکرێت بۆ ئەوەی زمانەکەمان نەکەوێتە مەترسیەوەو لە ناو زمانی بیگانەدا نەتوێتەوە.

### 3- میتۆدۆلۆجی و شێوازی چۆنیەتی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە:

### 3-1 شوێنی وەرگرتنی سامپڵەکانی ئەم توێژینەوەیە:

شوێنی وەرگرتنی سامپڵی ئەم توێژینەوەیە لە شەقامێکی سەرەکی و بەناوبانگ و قەرەباڵغی شاری هەولێر وەرگیراوە، کە شەقامی(بەختیاری)یە.

شەقامی بەختیاری شەقامێکی هاوچەرخی شاری هەولێرە. دەکەوێتە نێوان هەردو گەڕەکی( بەختیاری، وەزیران) ی شاری هەولێر. سنوری جوگرافی ئەو گەرەگە لە شەقامی بازنەیی( ٦٠) مەتری دەست پێدەکات و لەشەقامی بازنەیی ٤٠ مەتری کۆتایی پێدێت. گەرەکەکانی دەوروبەری ئەو شەقامە گەرەکە نوێیەکانی شاری هەولێرن. کە خەڵکە بەشێوەیەکی گشتی لە روی ئابوریەوە ئاستیان بەرز و مامناوەندە. جگەلەوەش خەڵکێکی زۆری بیانی لە گەرەکانی نزیک ئەو شەقامە نیشتەجێ بون، هەوەها چەندین گەورە کۆمپانیا ئۆفیسەکانیان نزیک ئەو شەقامەن، ئەو شەقامە لە ئێستادا بۆتە بازاڕێکی هاوچەرخ بۆ ئەو گەڕەکانەی دەوروبەری وەک:( دریم سیتی، ئیتاڵی1، نازناز، ئیمپایەر، ناز سیتی، گوندی ئینگلیزی.....تاد).

#### 3.1.1- میتۆدۆلۆجی چۆنایەتی:

وەرگرتنی سامپڵەکانی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەی ڤیدیۆ و فۆتۆگراف گیراون ئەمەش بە پێی شوێن و هەڵکەوتەی دیمەنە زمانیەکە وێنە و ڤیدیۆکان گیراون.

#### 3.1.2- میتۆدۆلۆجی چەندایەتی:

لەڕوی چەندایەتیەوە کارەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

1. وەرگرتنی ژمارەی تەواوی دیمەنە زمانیەکانی شەقامی بەختیاری بە شێوەیەکی گشتی بە هەردو ئاراستەکەوە (40م بەرەو60م) و (60 بەرەو 40م)


2. دیاری کردنی ڕێژەی دیمەنی زمانی تاکزمانی ، پاشان دیاریکردنی ڕێژەی زمانی کوردی و زمانە جیاوازەکان لە دیمەنی زمانی تاکزماندا ڕێژەکانیان بە شێوەی خشتە و ئامار دیاریکراوە.
3. دیاریکردنی ڕێژەی دیمەنی زمانی فرەزمان و جوتزمانی و پێشەنەی بەکارهێنانی زمانەکان و دیاریکردنی ڕێژەی هەرەیەکەیان بەخشتە و بە وێنە رونکراوەتەوە.
4. دیاری کردنی ڕێژەی ئەو دیمەنە زمانییانەی کە پابەندی ڕێنماین و دیاریکردنی ئەوانەی کە پابەندنین چەندە؟ بە ئامار خراونەتەڕو.
5. دیاریکردنی ڕێژەی ئەو دیمەنە زمانییانەی کە تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە و زاراوەیان بەکارهێناوە چەندن؟ زمانی زەقکردنەوەی ئەو وشەیە چ زمانیکە؟ بە ئامار و داتا ڕونکراوەتەوە.

**3-1-3- چۆنیەتی وەرگرتنی زانیارییەکان:**

1. پێش خستنەڕوی زانیارییەکان، دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک بنەمای کارە ئامارییەکان لەبەرچاو بگرین:
2. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سامپڵی وێنەکان لەبەردەستدایە، چوار زمان لە دیمەنی زمانی شاری هەولێر، لەم شەقامەدا بەکارهاتون. ئەوانیش: کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و تورکین. هەڵبەتە لە هەندێ دیمەنی زمانیدا زمانە ئەوروپییەکانی تر بەکارهاتون، بەتایبەتی لە ناوی مارکە جیهانییەکاندا، بەلام ژمارەیان کەمەو جیاوازیی ئاماری دروست ناکەن. بۆیە ئەو زمانانە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی دانراون.
3. ئەو شوێنە بازرگانییانەی بەناوی خاوەنەکەیانەوە کراون، بۆنمونە نۆرینگەی پزیشکەکان، ڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە ناوی خاوەنەکەی کوردییە یان عەرەبی، بەڵکو، ڕەچاوی زمانی ناساندنی ناو دیمەنەکە کراوە. بۆیە ئەو دیمەنانەی بە وشەی (الدکتور) دەستپێدەکەن، بە دیمەنی زمانیی عەرەبی دانراون. ئەوانەش بە وشەی (دکتۆر) دەستپێدەکەن، بە دیمەنی کوردی دانراون. بەهەمان شێوە بۆ پیشەکانی تریش، بۆنمونە: دیمەنێک نوسرابێت: (خیاطة سەرهەنگ) بە (عەرەبی / زمانی تێکەل) دانراوە، لەبەرانبەردا ئەگەر تابلۆیەک نوسرابێت (بەرگدروی عبدالکریم) بە دیمەنێکی کوردی دانراوە. هەمان بنەما بۆ زمانەکانی تریش ڕەچاوکراوە.
4. ئەو وشە بیانییانەی کە لەزمانی کوردیدا زۆر بەکارهاتون و وەک وشەی کوردییان لێهاتوە، بۆنمونە: وشەی (کۆمپانیا، مارکێت، سوپەرمارکێت، سەنتەر، تەکنۆلۆجیا، مۆبایل، ... تاد) بە وشەی کوردی ئەژمارکراون.

خشتە ژماری(2) ڕیژەی دیمەنی زمانی لە شەقامی (بەختیاری)دا.لە دیمەنی زمانیدا.

| ناوی شەقام و ئاراستە | ژ.دیمەنی زمانی لە ئاراستەیەکی شەقامەکەدا | ژ.دیمەنی زمانی لەهەردو ئاراستەی شەقامەکەدا |
|---|---|---|
| ژمارەی شوێنە بازرگانییەکانی شەقامی بەختیاری ئاراستەی 60م بەرەو 40م | 77 | 145 |
| ژمارەی شوێنە بازرگانییەکانی شەقامی بەختیاری ئاراستەی 40م بەرەو 60م | 68 | |




**2-3 شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانی بازرگانیدا:**

دەستەواژەی" Top Down "بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی فەرمی لە دیمەنی زمانیدا، واتە، ئەم جۆرەیان پابەندی ڕێنمایەکانی حوکمەت و لایەنی بەرپرسن، کە بۆ نوسینی دیمەنی زمانی دانراوە، لە بەرامبەردا، دەستەواژەی " Bottom Up "بۆ ئەو دیمەنە زمانییانە نافەرمیانە بەکاردێن، کە لەلایەن تاکەکەسەکان یان ڕێکخراوە ناحوکومی و تایبەتیەکانەوە بەکاردێن، ئەم جۆرەیان پابەندی هیچ یاساو ڕێنماییەک نین، بەڵکو، بە ئارەزو ویستی کەسەکان نوسراون. کەواتە، ئەم جۆرەیان هەمو زارە ناوچەییەکان و ڕێنوسی لاتینی و زمانە تێکەڵەکان یان ئەو زمانانەی کە کوردین بەڵام، بە ڕێنوسی زمانی تر نوسراون یان بیانین، بەرێنوسی کوردی نوسراون. هەمو ئەمانە دەگرێتەوە، چونکە، ئەو زمانانە لەلایەن خەڵکەوە بەکارهاتون و نافەرمین. هەروەها، بۆ چۆنییەتی ڕێزبەندی و پێشینەی نوسینی زمانەکان لە تابلۆکاندا بەشێوەیەکی گشتی بەپێی یاسای ژمارە( 6 ساڵی 2014 ی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەریمی کوردستان- عیراق) هاتوە کە زمانی کوردی لە سەروی زمانەکانترەوە بنوسرێت، پاشان بە پێی پێویستی شوێنەکە زمانەکانتریش لەدوای زمانی کوردیەوە دەنوسرێت. بە مەرجێ زمانی کوردی دەرکەوتوتربێت.

لێرەدا خشتەو ئاماری تاکزمان لە جوتزمان و فرەزمان جیادەکەینەوە بۆ ئەوەی ڕێژەکەمان ڕونتر بۆ دەرکەوێت، گەر تاکزمانبێت چەندیان کوردین؟ گەر جوتزمان یان فرەزمان بێت تاچەند زمانی کوردی لەسەروی زمانەکانیترەوە نوسراون و جگە لەوەش تاچەند زمانی کوردی دەرکەوتو تر و زەقتر دەنوسرێت لەچاو زمانەکانتردا لە دیمەنی فرەزمانی و جوتزماندا ؟ چونکە زۆرجار لە ڕوی ڕیزبەندی زمانەکانەوە زمانی کوردی لە سەروی زمانەکانیترەوە دەنوسریت بەڵام وشەیەک یان دەستەواژەیەکی زمانە بیانیەکە زۆر دەرکەتوتر و زەقتر دەنوسرێت بەشێوەیەک گەر سەیری دیمەنە زمانییەکە بکەین زمانی ئەو وشەیە زاڵترە لە زمانە کوردیەکە. بۆیە لێرەدا ئەم جۆرە دیمەنە زمانییە بە " Bottom Up "دادەنرێرت .




وێنەی ژمارە(1) شێوازی Top Down لە دیمەنی زمانیدا.




وێنەی ژمارە(2)شێوازی (Bottom Up ) لەدیمەنی زمانییدا.

### 3-2-1-   دیمەنی زمانیی تاکزمان:


ئەو دیمەنە زمانیانە دەگرێتەوە کە تەنها بە یەک زمان نوسسراون جا دیمەنی زمانی فەرمی بێت یان نافەرمی بۆنمونە:




وێنەی ژمارە(3)دیمەنی زمانی تاکزمانی

خشتەی ژمارە (3)ڕێژەی دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی بەختیاری:

| زمانی بەکارهاتوو | شەقامی بەختیاری |
|---|---|
| زمانی کوردی | 10 |
| زمانی عەرەبی | 9 |
| زمانی ئینگلیزی | 67 |
| زمانی تورکی | 1 |
| کۆی گشتی | 87 |




بەپێی ئەو خشتەو ئامارە زۆترین بەکارهێنەری دیمەنی زمانی تاکزمان بریتییە لە دیمەنی زمانی تاکزمانی ئینگلیزیە دوای ئەو زمانی کوردی پاشان زمانی عەرەبی دێت.

### 3-2-1-1- شێوازی فەرمی و نافەرمی  لە دیمەنی زمانی تاکزماندا:

لە شەقامی (بەختیاری)دا زۆرترین زمانی بیانی بەکارهاتوە، بەجۆرێک لەکۆی(87) دیمەنی زمانیدا تەنها(5)دیمەنی زمانی بە زمانی کوردی نوسراوە، واتە، ڕێژەی(5.7%) بە شێوە فەرمی " Top Down" نوسراون و ڕێژەی (94.2%) بە شێوەی نافەرمی " Bottom Up" نوسراون.

هۆکارەکەشی بەبۆچونی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شەقامی بەختیاریش شەقامێکی نوێی شاری هەولێرە، بۆتە بازارێکی هاوچەرخ بۆ گەرەگە هاوچەرخەکانی شاری هەولێر وەک: دریم ستی، ئیتاڵی1، نازنازستی، ئیمپایەر، گوندی ئینگلیزی.....تاد، جگەلەوەش لەو گەرەکانە خەڵکێکی زۆری بیانی نیشتەجێن وئۆڤیسی چەند گەورە کۆمپانیایی بیانی لە دەوروبەری ئەم شوێنەن ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر لە دیمەنی زمانیدا زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنن، هەم وەک پێویستەیەک، هەم بۆڕاکێشانی کڕیاری زیاتر بۆ شوێنەکانیان.




٣   1

### 3-2-2- دیمەنی زمانی جوتزمانی:

جوتزمانی لە دیمەنی زمانیدا ئەو دیمەنە زمانییانە دەگرێتە کە بەدو زمان نوسراون، لەم جۆرەیاندا زمانێک پێش زمانێکی تر دەکەوێت، واتە زمانێک لەسەرو زمانیکی ترەوە دەنوسریت. بۆنمونە:




وێنەی ژمارە(4)دیمەنی زمانی جوتزمان.


خشتەی ژمارە(5)ئاماری دیمەنی زمانی تاکزمان و جوتزمان لە شەقامی بەختیاریدا:

| جۆری دیمەنی زمانی | شەقامی بەختیاری |
|---|---|
| تاکزمان | 87 |
| جوتزمانی | 47 |

**3-2-2-1- ڕیزبەندی جوتزمانی لە دیمەنی زمانی شەقامی (بەختیاری)دا:**

خشتەی ژمارە(6)ڕیزبەندی جوتزمانی بەکارهاتوو لە دیمەنی زمانی شەقامی (بەختیاری)دا:


| ژ | جوتزمانی بەکارهاتوو | ڕێژەی بەکارهاتوو |
|---|---|---|
| 1 | کوردی – عەرەبی | 7 |
| 2 | کوردی - ئینگلیزی | 14 |
| 3 | کوردی – تورکی | 1 |
| 5 | عەرەبی – کوردی | 4 |
| 6 | عەرەبی - ئینگلیزی | 6 |
| 7 | ئینگلیزی - کوردی | 9 |
| 8 | ئینگلیزی -عەرەبی | 6 |
| | کۆی گشتی | 47 |




**3-2-2-2- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانی جوتزمانی شەقامی (بەختیاری)دا:**

لە شەقامی(بەختیاری) دا، لە کۆی(47) دیمەنی زمانی جوتزماندا، تەنها (9) دیمەنی زمانی بەشێوەی " Top Down " نوسراون، واتە، زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی لەسەروی زمانەکانی دیکەوە نوسراوە، هیچ وشە و دەستەواژەیەکی زمانی دوەم زاڵ نەبوە بەسەر زمانی کوردیدا.

کەواتە، ڕێژەی(19.1%) بە شێوە فەرمی " Top Down " نوسراون و پابەندی ڕێنماییەکانن. هەروەها، ڕێژەی (80.8%) بە شێوەی نافەرمی " Bottom Up " نوسراون.



**3-2-3-  دیمەنی زمانی فرەزمان:**


ئەو دیمەنە زمانییانە دەگرێتە كە بە دو زمان یان  زیاتر دەنوسرین، جا بە شێوەی فەرمی بێت یان نا فەرمی. بۆنمونە:




وێنەی ژمارە(5) دیمەنی زمانی فرەزمان.


خشتەی ژمارە(8) ڕێزبەندی جۆری دیمەنی زمانی لەڕووی زمانی بەكارهێنراوەوە:

| جۆی دیمەنی زمانی | ژمارەی بەكارهتوو |
|---|---|
| تاكزمان | 87 |
| جوتزمانی | 47 |
| فرەزمان | 11 |
| كۆی گشتی | 145 |




خشتەی ژمارە(9)ڕێزبەندی بەكارهێنانی زمانەكان لە دیمەنی زمانی فرەزماندا:

| زمانی بەكارهاتوو | ژمارەی بەكارهاتوو |
|---|---|
| كوردی –عەرەبی -ئینگلیزی | 2 |
| كوردی- ئینگلیزی - عەرەبی | 3 |
| كوردی – توركی- ئینگلیزی | 1 |
| ئینگلیزی – كوردی - عەرەبی | 1 |
| ئینگلیزی –عەرەبی - كوردی | 3 |
| عەرەبی- ئینگلیزی- كوردی | ١ |
| كۆی گشتی | 11 |





**3-2-3-1 شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانی فرەزمانی شەقامی (بەختیاری)دا:**

لە شەقامی( بەختیاری)دا لە کۆی(11) دیمەنی زمانی فرەزماندا تەنها (4) دیمەنی زمانی بەشێوەی "Top Down" نوسراون. واتە، تەنها لە چوار دیمەنی زمانیدا زمانی کوردی لەسەروی زمانەکانی دیکەوە نوسراوە، هیچ وشە و دەستەواژەیەکی زمانی دووەم زاڵ نەبووە بەسەر زمانی کورددیدا.

کەواتە، ڕێژەی(%36.3) بە شێوە فەرمی " Top Down" نوسراون و پابەندی ڕێنماییەکانە، هەروەها، ڕێژەی (%63.6) بە شێوەی نافەرمی"Bottom Up" نوسراون.

ئەو ڕێژە جیاوازەش بۆ چەند هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە لەوانە:

- لەلایەن دەوڵەتەوە ئازادییەکی تەواوی بە دیمەنی زمانی دراوە و سانسۆر لەسەر بەکارهێنانی دیمەنی زمانییەدا نییە.
- کەمی هەستی نەتەوەیی خەڵک بەرامبەر بە زمانەکەیان، هۆکارێکەی سەرەکیە کە زمانی بیانی لە دیمەنە زمانیەکاندا لەسەرووی زمانی نەتەوایەتی بنوسرێت.
- زۆرجاریش دوکاندار و شوێنە بازرگانیەکان ناچار کە دیمەنە زمانیەکان بە زمانی بیانی بنوسن. چونکە کڕیارەکانیان بەزۆری خەڵکی بیانین بۆ ئەوەی کڕیاری زیاتر بۆلای خۆیان ڕابکێشن بەزمانی بیانی دیمەنە زمانییەکانیان دەنوسن.




**3-3- تەکنیکی زەقکردنەوە لە دیمەنی زمانی (جوتزمان – فرەزمان):**

زۆرجار لە دیمەنی زمانیدا هەوڵدەدرێت وشەیەک بەشێوەیەکی زەقتر و دەرکەو تر بنوسرێت، ئەو زەقکردنەوەش یان بەهۆی گۆڕینی جۆر و قەبارەی فۆنتەوەیە یان بەهۆی ڕەنگی جیاوازەوە زەقدەکرێتەوە. ئەم تەکنیکە زیاتر لە دیمەنی زمانی جوتزمان و فرەزماندا بەکاردێت. زۆرجار دیمەنە زمانیەکان لەڕوی چۆنیەتی ڕیزبونی زمانەکان لە دیمەنی زمانیدا بە شێوەی " Top Down" نوسراوە و زمانی کوردی پێش زماکانی ترەوەیە، بەڵام، لەهەمانکاتیشدا هەوڵی ئەوەیان داوە کە زمانێک بەسەر زمانی کوردیدا بسەپینن، ئەمەش بۆ چاوبەستکردنی حوکمەت و لایەنی پەیوەندیدارە، بۆئەوە لە هەمان کات ئەوە پیشان بدەن کە ئەوان لە نوسیندا پابەندی ڕێنماییەکانن، لە هەمان کاتیشدا لە ڕێنماییەکان لادەدەن، جا بۆ هەر مەبەستیک بێت. لەڕێگەی ئەو تەکنیکەوە زمانی بیانی بەسەر زمانی نەتەوایەتیدا دەسەپینن. بۆیە لێرەدا پێوەری زمانی زاڵی زمانێک بەسەر زمانێکی تردا بەشێوەیەکی زانستی، لە زەقترین و دەرکەوتوترین وشەدا دەردەکەوێت. واتە، بۆ ئەوەی زمانی زاڵی هەر دیمەنیکی زمانی بزانین بە شێوەیەکی زانستی ئەوە لە ڕێگەی زەقترین وشەوە زمانی زاڵمان بۆ دەردەکەوێت، کە زمانی زاڵی ئەو وشەیە دەبێتە زمانی زاڵی دیمەنی زمانیەکە.

خشتە ژمارە(11) ئاماری زمانی زەقترین وشە لە شەقامی (بەختیاری)دا:

| ژ | زمانی زەقترین وشە | ڕێژەی بەکارهاتوو |
|---|---|---|
| 1 | کوردی | 6 |
| 2 | عەرەبی | 9 |
| 3 | ئینگلیزی | 26 |







وێنەی ژمارە(6) بەکارهینانی تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە لە دیمەنی زمانیدا.

## 4- ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

- دیمەنی زمانی هۆکارێکی گرنگی ڕێنمایکردن و زانیاری گەیاندنە.
- دیمەنی زمانی ڕەنگدانەوەی ڕادەی چالاکیبونی زمانە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی خەڵکدا.
- بەرژەوەندی ئابوری لەدیمەنی زمانیدا بەسەر هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی زمانی نەتەوایەتیدا زاڵە چونکە داتاکان ئاماژە بەباڵادەستی زمانی ئینگلیزی دەکەن.
- زۆرترین ڕێژەی جۆری دیمەنی زمانی لە ڕوی زمانە بەکارهێنراوەکانەوە لەشەقامی بەختیاریدا بریتییە لە دیمەنی زمانی تاکزمان بەڕێژەی ٦٠%دیمەنە زمانیەکانی ئەو شەقامەی پێکهێناوە ، لەدوای ئەویش دیمەنی زمانی جوتزمان دێت، کە لە ٣٢.٤% دیمەنە زمانییەکان دەگرێتەوە. فرەزمانیش ڕێژەی ٧.٥% لەخۆ گرتوە.
- زمانی زاڵ لەدیمەنی زمانی تاکزماندا بریتییە لە زمانی ئینگلیزی زۆرترین ڕێژەی هەیە لەچاو زمانەکانی تر، واتە زمانی زاڵ لەناو دیمەنە تاکزمانیەکاندا بریتییە لە زمانی ئینگلیزی.
- زۆرترین بەکارهێنان شێوازی ڕیزبەندی زمانەکان لە دیمەنی زمانی جوتزماندا بریتییە لە (کوردی – ئینگلیزی). دوای ئەویش (ئینگلیزی کوردی ) بە پلەی دووەم دێت.
- هەوەها پێشینەی بەکارهێنانی زمانەکان لەدیمەنی زمانی فرەزماندا بریتییە لە(کوردی- ئینگلیزی – عەرەبی) و(ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی) .
- بەکارهێنانی تەکنیکی زەقکردنەوەی بۆ زاڵکردن و سەپاندنی زمانی بیانی بەسەر زمانی فەرمی ، بەرێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتوە لە کۆی(145) دیمەنی زمانیدا لە (41) دیمەنی زمانییدا بەکارهاتوە، زمانی زاڵیش لەو تەکنیکەدا بریتییە لە زمانی ئینگلیزی بە ڕیژەی(63.4 %). زمانی عەرەبیش بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی(21.9 %). زمانی کوردیش بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی(14.6 %).
- دیمەنە زمانییەکان زۆر کەم پابەندی ڕێنماییەکانی نوسینی دیمەنی زمانین بەتایبەتی لە دیمەنی زمانی جوتزماندا، ڕێژەکە زۆر زیاترە لە چاو دیمەنی زمانی تاکزمان و فرەزمان. بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی ئەو دیمەنە زمانیانەی کە پابەندن بەڕێنماییەکان بریتیین لە ڕێژەی (12.5 %) ئەوانەی کە پابەندنین بریتیین لە ڕێژەی(87.5 %). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە حکومەت ئازادیەکی تەواو بە چۆنیەتی نوسینی دیمەنی زمانی داوە.

## 5- لیستی سەرچاوەکان:


**کتێب بەزمانی کوردی:**

- خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و عومەر مەحمود کەریم. 2017 . کورد و پلانسازیی زمان. گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژ:42.
- ڕەفیق شوانی. 2017 . لە دەسدانی زمان لە دەسدانی نەتەوەیە. گۆڤاری توێژەر /ژمارەی تایبەت بە کۆنفراسی زمانی دایک.
- سید عبدالرزاق قازی. 2020. سیاسەتی زمان و پلان داڕێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا. تێزی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەدین.
- شێخ محەمەدی خاڵ. 2005. فەرهەنگی خاڵ. چاپی دووەم . هەولێر:بڵاوکراوەی ئاراس.
- قەیس کاکل تۆفیق. 2007. . ئاسایشی نەتەوە وپلانی زمان. چاپی یەکەم هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- هیوا مولود عەبدوڵڵا. 2016. ئانالۆژیای کۆد گۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا. ماستەر. زانکۆی سلێمانی. فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. سکوڵی زمان.
- هەژار. عبدالرحمن شرفکندی. ١٣٦٩. فەرهەنگی: هەمبانە بۆرینە. تهران: چاپخانەی پویا.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

- احلام قرقور. 2018. السياسات اللغوية الأصول و المفاهيم. رسالة دكتوراه. جامعه محمد لمين دباغين. كلية الاداب و اللغات. جزائر.
- لويس جان كالفی . 2008. حرب اللغات و السياسات اللغوية. ترجمة: حمزة. حسن. لبنان: مركز دراسا الوحدة العربية.
- محمد المبشر. 2020 . المشهد اللغوي في المعاهد الإسلامية يجاوى الشرقية واستخدامه كوسيلة تعليم اللغة فی معهد الامين الإسلامي للبنين برنوان سومانب و معهد نور الجديد الإسلامي بايتون بروبولينجو. كلية الدراسات العلي جامعة سونان أمبيل الإسلامية الحكومية سورابايا.
- ميشال زكريا. 1993. قضايا ألسنية تطبيقية . لبنان :دار العلم للملايين.
- هدى الصيفي. 2015. علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي. ماجستير. جامعة قطر. كلية الآدب والعلوم.

**کتێب بە زمانی ئینگلیزی:**


- Abdeali Bentahila. 1983. Language Attitudes Among Arabic-French Bilinguals In Morocco Multilingual. Ph. D. --University Of The Wale.
- Ali Alfaifi. 2015. Linguistic Landscape: The Use Of English In Khamis Mushait Saudi Arabia. Master. The State University Of New York At Fredonia.
- Bernard Spolsky. 2004. Language Policy. Cambridge: Cambridge University Press.
- Cooper, Robert. 1989. Language planning and social change. Cambridge: Cambridge University Press.
- Chrismi Linda Loth. 2016. The Linguistic Landscape As The Construct Of The Public Space: A Case Study Of Post-Apartheid Rural South Africa. The Doctoral Degree Linguistics Lin 900 In The Department Of Linguistics And Language Practice In The Faculty Of The Humanities At The University Of The Free State.
- David Cassels Johnson. 2013. Language Policy. Washington State University. USA.
- Durk Gorter. 2006. Introduction: The Study Of Linguistic Landscape As A New Approach To Multilingualism. International Journal Of Multilingualism.
- Elana Shohamy. 2006. Language Policy: Hidden Agendas And New Approaches. London: Routledge.
- Elana Shohamy. 2006. Language Policy: Hidden Agendas And New Approaches. London: Routledge.
- Heshell Ellaga And Paolo Nino Valdez. 2012. health scares In The Philippines. A Linguistic Landscape Analysis. De La Salle University. Manila. The Philippines.
- Iris Hewitt Bradshaw. 2014 Linguistic Landscape As A Language Learning And Literacy Resource In Caribbean Creole Contexts. Caribbean Curriculum Vol. 22.
- Jasone Cenoz And Durk Gorter. 2006. "The Linguistic Landscape As An Additional Source Of Input In Second Language Acquisition. " Oral - International Review Of Applied Linguistics In Language Teaching. Vol. 46. No. 3.
- Jasone Cenoz And Durk Gorter. 2008. "The Linguistic Landscape As An Additional Source Of Input In Second Language Acquisition. " Oral - International Review Of Applied Linguistics In Language Teaching. Vol. 46. No. 3.
- Joan Rubin And Bjorn Jernudd. 1971. Can Language Be Planned? Sociolinguistic Theory And - Practice For Developing Nations. Hawaii: The University Press Of Hawaii.
- Khumbu Blasius Pius. 2021. Perspectives For Cameroon. Chiatoh sales center For African Languages And Cultures. The University Of Buea.
- Liaquat Ali Channa. 2021. English In The Language Policy And Planning Of Pakistan. Kashmir Journal Of Language Research. Vol. 18 No. 2.
- Omar Alomoush. 2015. Multilingualism In The Linguistic Landscape Of Urban Jordan. The University Of Liverpool. Retrieved From Http://Search. Proquest. Com/Docview/177925334.
- Peter Backhaus. 2007 Multilingualism In Tokyo: A Look Into The Linguistic Landscape. International Journal Of Multilingualism. Vol. 3. No. 1.
- Rafael Ben And Monica Barni Shohamy. (2006) 'Linguistic Landscape As Symbolic Construction Of The Public Space: The Case Of Israel' International Journal Of Multilingualism. 3:1. 7-30.
- Ralph Fasold. 1984. The Sociolinguistics Of Society. Typeset By the Community. Wigston. Leicester Printed In Great Britain.
- Joan Rubin and Bjorn Jernudd. (1971). Can language be planned? Honolulu: The University Press of Hawaii.
- Rodrigue Landry And Richard Bourhis. 1997. Linguistic Landscape And Ethnolinguistic Vitality. Journal Of Language And Social Psychology. Vol. 16. No. 1.
- Sue Wright. 2004. Language Policy And Language Planning From Nationalism To Globalization. Johnson. David Cassels. 2013. Language Policy. Washington State University. USA.

- Terrence Wiley. 1996. Language Planning And Policy. In S. L. Mckay & N. H. Hornberger Eds. Sociolinguistics And Language Teaching. Cambridge University Press.

**المشهد اللغوي في شارع بەختياري في اربيل**

**قيس كاكل توفيق**
جامعة سوران – ادب – قسم اللغة الكوردية
qais.kakl@soran.edu.iq

**جيهان يوسف احمد**
كلية التربية – قسم اللغة الكوردية / جامعة صلاح الدين-اربيل
jihan.y.ahmed@su.edu.krd

**ملخص**

هذا البحث (المشهد اللغوي في مدينة إربيل ، شارع بختياري كأنموذج) يحاول توضيح المشهد اللغوي من الناحيتين النظرية والعملية. في الجزء الأول ، تم توضيح مفهوم المشهد اللغوي من الناحية الاصطلاحية. لقد تم محاولة تقديم أهمية ودور هذا الموضوع بشكل عام ، فيما بعد تم ذكر العلاقة بين المشهد اللغوي وسياسة اللغة وكذلك تخطيط اللغة ، وفي نفس الوقت تم ذكر أنواع المشهد اللغوي في الجانب التجاري وأيضًا في جانب لغة الشارع تم تحديدها. بالنسبة للجزء العملي من هذا البحث ، تم أخذ شارع بختياري كمثال وهو شارع رئيسي في حين أنه منطقة مهمة للتسوق المحلي (بازار) في أربيل عاصمة إقليم كردستان. تم تحليل البيانات والإحصائيات الخاصة بالمشهد اللغوي في هذا الشارع ، وهو أحادي اللغة وثنائي اللغة ومتعدد اللغات ، بدقة. تم شرح بيانات اللغة السائدة في جميع الأنواع الثلاثة لمشهد اللغة بدقة ، وقد تم تقديم طريقة الاستخدام الرسمي والغير الرسمي لكل من تلك المذكورة أعلاه من حيث النسبة المئوية من خلال الرسم البياني والنسبة. في الختام ، تم تخصيص دراسة مفصلة للغاية للبيانات وتم تقديم نتائج البحث.

**الكلمات المفتاحية:** المشهد اللغوي، أحادي اللغة، ثنائي اللغة، متعدد اللغات.

**Language Landscape in Bakhtyari street in Erbil**

**Qais Kakl Tawfiq**
College of Arts, Kurdish
Language Department, Soran Universit
qais.kakl@soran.edu.iq

**Jihan Yousif Ahmed**
College of Education, Kurdish Language
Department, Salahaddin University-Erbil
jihan.y.ahmed@su.edu.krd

**Abstract**

This research (language landscape in Erbil city, Bakhtiari street as an example) is trying to clarify the language landscape in both theoretical and practical aspects. In the first part, the concept of language landscape is clarified terminologically. It has been tried to present the importance and the role of this topic generally, later on, the, relationship between the language landscape and the policy of language as well as the planning of the language is mentioned, at the same time the types of the language landscape in the aspect of goods and also in the aspect of the street language has been determined. For the practical part of this research, the street of Bakhtiarii is taken as an example which is a Main Street m while it is an important area of local shopping (Bazaar) in Erbil the capital city of the Kurdistan region. The Data's and statistics of the language landscape of this street which is, monolingual, bilingual, and multilingual, have been accurately analyzed. The data of the dominant language in all the three types of language landscape has been precisely explained, and the method of the usage of formal and informal of any those mentioned above in terms of percentage have been presented by chart and ratio. In conclusion, a very detailed study has been devoted to the data and the results of the research have been presented.

**Keywords**; Language Landscape, monolingual, Bilingual, multilingual.